ئەڵمانیا ئامانجێ لێ شکاندنی روسیا- یەکگرتنداو... ئیدریس مستەفا

بەریتانیا و ئەمریکا دوو هیزی دژەوەی یەکەتی ئەورووپان و هەر یەکەیان مەبەستەکی هەیە لە خوقاندنی شکستی روسیا-ئۆکرانیادا. ئەمریکا کە هەموو ئەوروپای وەک ئاگرگرێیەک بەکار دەهێنێ دژ بە روسیا ئەوا بەریتانیا دێوەژەڵمانیا لەو جەنگە تەوگلێنێ. جا ئایا ئەو تەگبیرەی بەریتانیا بۆ ئەڵمانیای ناوەتەوە سەردگرێیان نا ئەوە پێوەستە بە هەزری سیاسیێ دەسەلاتدارەکانی ئەڵمانەوە.ئاماژەکانی ناحەزێتی یاخود دوژمنکارانەی بەریتانیا دژ بە ئەڵمانیا کە لەم ئاریشەیەی ئۆکرانیادا دەتوانرێ ببینرێ رەگەکی مێژووییی هەیە و ئەوەی لەرەدا بۆ خزمەتی ئەم باسە من دەمەوێ باسی تەنها هەندی هەوەست و رووداوی سیاسی سەدەی پێشوو هەروەها هەندێ دۆکیومێنتی نوێ لەو بارەیەوە کە تاکو ئیستا لە ئەدەبیاتی سیاسی رژهەڵاتی ناوەراستدا، ئەوە ئەدەبیاتی سیاسی خەمان هەر هیچ، ئاماژەی پێ نەدراوە یاخود زۆر کەم ئاگەرنا هەر دۆکەوتە بەرچاوان جارێ لە جاران. کەواتە پرسیار ئەمەیە: بۆچی بەریتانیا رقی لە ئەڵمانیایە و بۆچۆ بە دیاریکراوی دژیەوە چۆن تەوەی گلێنێ لەم شکستی روسیا-ئۆکرانیادا؟

ئەڵمانیا و فەرەنسا و بەریتانیا سێ وڵاتی گەورەی ئابووری و زلهێزی ئەورووپا و جیهانیشن. ئەڵمانیا لە هەردووکیان زیاتر بە دڵی ئەورووپا دادەنرێت هەم بەهۆی شوێنگە جوگرافیەکەیەوە کە لە ناو کیشوەری ئەورووپادا هەڵکەوتەی کردووە و هەم بەهۆی بارە ئابوریە بەهێزەکەیەوە. دیارە فەرەنسا و بەریتانیا خاوەن ئابووری گەورەن بەڵام وەک ئەڵمانیا خاوەن ئابوریەکی بەهێزنین. لەم نوسینەدا دەردەکەوێ گەورەیی و بەهێزی ئابووری ئەڵمانیا لە چیدایە کە ئەوانی تر لێ ئەوروپا نیانێ.

باری مێژووییی:

ململانێی ئەڵمانیا و بەریتانیا مێژوویەکی گەلێک کۆنی هەیە کە بۆ سەدان ساڵ دەگەڕێتەوە بەڵام ساڵی ١٨٧١ بۆ خاڵی وەرچەرخانی بەریتانیا دادەنرێت دژ بە ئەڵمانیا چونکە لەو ساڵەدا راوێژکاری گشتی ئەڵمانیا، ئۆتۆ ڤۆن بیسمارک، ئەڵمانیای یەکگرتووی دروست کرد. بەریتانیا بەم هەنگاوە زۆر قەڵس بوو. ئەم هەنگاوە هەم

ئەمانیای کرد بە هیزێکی گەورەی ئەوروپا و جیهانیش، هەم لەو سالانەدا ئاسەی خەرئاوابوونی ئیمپراتۆریەتی بریتانی بەرەو کزی دەچوو. خاڵی دووەم ڕەگەی خۆش دەکرد بە ئەمانیا وەک ئیمپراتۆریەتێک یان وەک هیزێکی گەورەتر لە بریتانیا دەرکەوت. هەرواش بوو، سەدەی بیست و بە تایبەت بیست و یەک سەدەی ئەمانیا بوو بەسەر بریتانیادا.

لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا بریتانیا هەردەم لە هەوڵی ئەوەدابوو ئەمانیا لە گەورەیی بخات. جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم دوو بەگەی مێژوویین گەورەن کە لە هەردوو جەنگەکەدا ئەلمانیا و بریتانیا دژ بە یەک بوون و بریتانیا ڕۆی سەرکی هەبوو لە پشت ئەو قەید و بەندانەی کە ئەمانیایان پێ سزادا لە هەردوو جەنگەکەدا. سەرباری لە دەستدانی لە سەدا شانزەی قەبارەی خاکی وەاتەکە، ئەمانیایان خستە ژێر قەرزێکی زۆرەوە بەوەی بەشێکی زۆر لە زەرەری وەاتانیان بەسەردا سەپاند. تەنها دانەوەی قەرزی جەنگی جیهانی یەکەم ۹۲ ساڵی خایاندا. واتە ساڵی ۲۰۱۰ ئەمانیا لە دواین قەرزەکانی تەواو بوو کە ڕێژەکەی ئەودەم بە زۆر لەسەریان حساب کرد ٦٠ بلیۆن دۆلاری ئەمریکی بوو، واتە ٧٦٠ بلیۆن دۆلاری ئەمریکی ئیستا. (س۱) ئەم سزایە لە پەیماننامەی سەرقای لە ڕێژەی ۱۹ی مانگی ٦ی ۱۹۱۹ لە بەندی ۲۳۱ی پەیماننامەکە لە ژێر ناوی بەشی تاوانبارانی شەڕدا ئەو سزایانە بەسەر ئەمانیادا سەپێنرا. (س۲)
قەرزی جەنگی جیهانی دووەم کە تەنها کەوتە سەر شانی ڕێژاوای ئەمانیا، چونکە ئەمانیا بوو بە بە دوو بەش ڕێژهەڵات و ڕێژاوا. ڕێژهەڵات کەوتە بەری یەکێتی سۆڤیەتەوە و فلسەک قەرزیان نەدایەوە. ئەمانیای ڕێژاوا کە لە بەری ڕێژاوادا مایەوە بڕی ۲۳ ملیارد دۆلاری ئەمریکی کەوتە سەرشان. دیارە، ئەمانیا موفلیس کەوتەوە و ئەو بڕە پارەیەی نەبوو. هەمان وەاتان بە تایبەت بریتانیا بە قەرز پارەیان پێ بەخشی و دواتر لەگەڵ سووکەیدا ئەمانیا دەبوو بیداتەوە. تاکو ئیستاش پەنجەندا داوای قەربووکردنەوەی زیاتر لە ۸۵۰ بلیۆن دۆلاری ئەمریکی دەکاتەوە لە ئەمانیا. (س۳)
جگە لەوەی لە دانوستانەکانی وەستاندنی جەنگ و سزاکانی سەر ئەمانیا بریتانیا دەورێکی بنەڕەتی گێڕا لە زەلیل کردنی ئەمانیا بەوەی هەرچی زەرەر و زیانی جەنگ هەیە خستیانە سەر شانی، بەسەریاندا سەپاند کە نابە خاوەن هیچ سوپایەک و چەکێکی گەورە بێت وەک چەکی ئەتۆمی. لەگەڵ ئەوەی ئەمانیا لە ئیستادا بە یەکێک لە گەورەترین وەاتانی دنیا دادنرێت بە چەک فرێشتن بەڵام ناتوانێ

چەکی گەورە هەبگرێت بەخێی.

پەرەسەندن و گەشەی ئابووری و سەربازی ئەڵمانیا لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە، بەریتانیای نیگەران کرد. حکومەت و دەزگای هەواڵگری بەریتانی دەیانزانی هیتلەر و دروشمەکانی ئەڵمانیا بەرەو هەڵدێرێک دەبات بۆیە کەوتنە پیاهەڵدان و ڕێگەخۆشکردن بۆی کە پەلاماری هەندێ ناوچە بدات. لە ماوەی ساڵانی ١٩٣٦-١٩٣٨ ئەڵمانیا نەمسا و ناوچەی سەتلاندی چیکسلۆڤاکیای ئەڵمانی زوبانی داگیر کرد. بەریتانیا نێک هەر سەرکەنەی ئەم هەنگاوەی ئەڵمانیای نەکرد بەڵکو لە مانگی ٩ی هەمان ساڵدا، ١٩٣٨، "ڕێکەوتننامەی میونیخ" کە سەرۆک وەزیرانی ئەو دەمی بەریتانیا "نڤیڵ چامبەرلین" بوو بەشداری تێدا کرد؛ لە ڕێکەتننامەی میونیخدا بەریتانیا بە ڕەسمی دانی نا بە داگیرکارییەکانی هیتلەر بە ئەو وڵاتانە. (سع) ئەم هەنگاوەی بەریتانیا هەندێک لە ڕۆژنامەکانی ئەو دەمی بەریتانیا بە ترسنۆکی حکومەت ناوبرد بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە هاندانێک و تەئییدێکی ئینگلیز بوو بە هیتلەر تاکو تیۆگلۆ لە شەڵکدا و ئامانجەکانی لاوازبوونی ئەڵمانیایە. بەریتانیا ئەمڕیان کرد و ئەوە بوو هیتلەر جەنگی جیهانی هەڵگیرساند و ئەڵمانیای پێش هەر وڵاتێکی تری ئەورووپی توشی وێرانکاری و کارەساتی مرۆڤووبی کرد.

هەستانەوەی ئەڵمانیا:
سەرباری ئەو دوو کەستە گەورەیەی بەسەر ئەڵمانیادا هات واتە ئەنجامەکانی جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم، لەگەڵ قەرز دانەوەی ولاتانی ئەوروپا لەگەڵ سووکەیدا، دەبوو وڵاتەکەی خەی سەر لە نوێ دروست بکاتەوە. لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە تاکو ئیستا ئەڵمانیا نێک هەر قەرزەکانی سەدیەکی دایەوە و وڵاتەکەی خەی لە جاران باشتر و پتەوتر بنیات نایەوە بەڵکو ئەڵمانیا بوو بە یەکێک لە هێزە گەورە ئابوریەکانی دنیا و بگرە لە ئەوروپادا سوپەرپاوەر خەیاتی و لە و بلۆکی ڕۆژئاوادا کە ئەمریکا و کەنەداشی تێدایە لە دوای ئەمریکاوەیە.

ئەو هەکارانەی وایان لە ئەڵمانیا کردووە کە هەردەم هێزی گەورە بێت سەرباری ئەو هەموو کارەسات و ڕووداوە جەرگبڕە مرۆڤوییانە ئەو توانا مرۆییەیە کە ئەڵمانەکان وەک میللەتێک هەیانە، توانا فکری و فەلسەفی و سیاسی و پیشەسازی و داهێنانە تەکنەلەجیەکان. هیچ کەس ناتوانێ نکۆی لەو خاسیەتە تایبەتانە بکات کە میللەتەکانی پێ دەناسرێنەوە، دیارە ئەو خاسیەتانە ئەزەلی نین کە لە میللەتێکدا هەبی و لە ئەوی تر نەبێ، بەڵام درک و عەزیمەت و ماندوو بوونی

بەردەوام و هەوڵی عاقڵانە لە ژینگەیەکی لە باردا ئەو خاسیەتانەیە کە ئەمانەکانی کردووە بەوەی وڵاتەکیان دروست بکەنەوە تا رادەی سوپەرپاوەر. هەر ئەم خاسیەتانەیە، کە من بە خاسیەتی عەقڵی ئەمانی ناوی دەبەم، بەریتانیەکانی تەقاندووە و نایانەوێ ئەمانیایەکی بەهێزببنن.
کاتێک هێزی هاوپەیمانان لە جەنگی گەورەدا چوونە ناو ئەمانیاوە لەوانە بەرلین، یەکێک لەو کارە سەیرانەی بەریتانیا ئەنجامیدا رفاندنی زانا و زانستخواز و کەسە پیشەسازیە سەربازیەکانی ئەمانیا بوو تاکو سوود لە تواناییەکانیان ببینن. ڕۆژنامەی گاردیانی بەریتانی ساڵی ٢٠٠٧ ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە بە ناوی (چۆن مشکە باشەکانی ئەمانیا رفێندرا لە لایەن بەریتانیاوە) و دەڵێ: " بەگەڕ نەهێنە باڵاکان کە ئاشکرابوون پیشانی دەدەن کە لە کۆتاییەکانی جەنگی جیهانیدا، دەسبژێرێک لە هێزی سەربازی بەریتانی بە سەدان زانا و زانستخواز و میکانیزان دەفڕێنن و لە لایەن وەزارەتەکانی حکومەتی بەریتانیاوە دادەمەزرێنن یاخود لە کارخانەکانی کەمپانیا شەخسیەکانەوە کاریان پێدەکرێت." هەر لە پەیوەند بەم بابەتەوە " داوایان لە بزنسمانە ئەمانیەکان کردووە لە دوای جەنگەکە کە دەبە بێن بە بەریتانیا بۆ لە پرسینەوە و زانیاری وەرگرتن لەو بارەیەوە و ئەمەیان بە نهێنی پێگوتوون و بە نهێنی کراوە." (س٥) ئەوەی ئەو دەم بەریتانیا کردی ئەستا لە سیاسەتی وڵاتە ڕۆژئاواییەکانی تردا بە ئاشکرا پیادە دەکرێت لە ژێر ناوی کێچ و پێنابەرێتیدا. بە نموونە وڵاتی کەنەدا کە بە یەکێک لە پێ چالاکترین وڵاتەکانی دونیا دادەنرێت بە کێچ و پێنابەرێتی، سیاسەتی تایبەتی حکومەتی فیدراڵی کەنەدا هەیە لە ژێر ناوی چەندان پڕۆگرامدا بۆ بە ڕاکێشانی توانا مرۆییەکانیانی وڵاتانی تر لە هەموو جیهانەوە و سالانەش دەیان هەزار کەس دێنە ناو کەنەداوە. سەرنج ڕاکێشانی ئابوری و ژیانێکی باش لە کەنەدا بە خەڵکانی شارەزا و بە توانا و خاوەن کارامەیی و خوێندنی بەرز یاخود خوێندن لە کەنەدا و دواتر توانای مانەوە لە کەنەدا لە ڕیگەی چەندان پڕۆگرامەوە دەچێتە پشتەوە وەک (سکیڵد ورکەر، ئێکسپرێس ئینتری، ئێم ئێم ئای ئی، کەنەیدیەن ئێکسپریەنس کلاس، پرۆڤینشاڵ نەمینی، فەدراڵ نەمینی، ئینفۆستمێنت یان بزنس پڕۆگرام، ئینتەرناشناڵ ستیودنت "کە دواتر دەتوانن داوای مانەوە بکەن بە مەرجێک کارێک بدۆزنەوە بە ناوی"، پێست گراجوەیت وۆرک پەرمت.) دیارە لە پێنج شەش ساڵی ڕابردووە و تەنانەت بە سێ و چوار ساڵی داهاتوش کەنەدا هەر ساڵە پێشوازی لە زیاتر ٤٠٠ هەزار کێبەر دەکات کە لە سەدا هەشتایان لە بوارە ئابوری و بزنسی و

بەرهەمهێنانە مرۆییەکانی تردایە.

سەرداری ئەوروپا:
یەکێک لە کێشە گەورەکانی بەریتانیا لەگەڵ ئەڵمانیا مەسەڵەی سەردارێتی ئەوروپا و یەکێتی ئەروپا و دراوی یەکگرتووی ئەوروپی، ئیرە، بوو کە دەیزانی ئەم هەنگاوانە ئەڵمانیا زیتار دەکەن بە سەرداری ئەوروپا لە کاتێکدا بەریتانیا ئەوە بە خۆی ڕەوا دەبینە بەو پەودانگەی کە خاوەن گەورەترین ئیمبراتۆریەتی مێژوویی بووە و زمانەکەشی بۆتە زمانێکی جیهانی بە ڕکابەر. ئابووری وڵاتە کلاسیکیە گەورەکانی وەک بەریتانیا و فەرەنسا هەر بە گەورەیی مایەوە بەڵام وەستاون لە خاڵێکدا کە لەوە زتار بەرەو بەهێزی ناچێ وەک ئابووری ئەڵمانیا بەرەو بەهێزیکی بە پایان دێوا کە جگە لە ئەمریکا و چین هیچ هیزێکی تر لە دنیادا ئابووری بەهێزی وەک ئەڵمانیای نیە بە پێی وێبسایتی "ڕاستیەکان دەربارەی ئەڵمانیا" کە لینکەکی لە سەرچآوەی ژمارە ٦ دایە. بە نموونە کارتی پیشەسازی ماشین دروستکردنی ئەڵمانیا هەموو جیهانی نەک هەر داگیر کردووە بەڵکو جیهانی پیشەسازی سەرسام کردووە بەوەی باشترین و چاکترین ماشینی دونیا دروست دەکەن کە بە وێنەیە لە جیهاندا. ئەم دیدە هەر لە کەسێکی شارەزاوە تاکو کەسێکی ئاسایی مەری لەدراوە کە ئەو رایە جێندە دروستە.
هەکاری سەرەکی دەرچوونی بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا بە شێوەیەکی ڕەسمی لە ٣١ی مانگی ١ی ٢٠٢٠ ئەڵمانیا بوو. دیارە بەریتانیا هەرگیز لەگەڵ دروای یەکگرتووی ئەوروپیدا نەبوو تا ئەو ڕۆژەشی لە یەکێتی ئەوروپا هاتە دەر هەر دروای ئوستەرلینی خۆی پاراست ئەمە جگە لەوەی هەردەم لە بەڵە بەڵدابووە بەرامبەر بە خودی قەوارەی ئەو یەکێتی ئەوروپایەی کە ئەڵمانیا هێزە گەورە ئابوریەکەیەتی ئەوەبوو لە قەیرانی بە شێپەلی پەنابەرانی سوریدا تەقیەوە کاتێک ئەڵمانیا بەیاری کردنەوەی دەرگای بە هەزارانیان کردەوە. بەهەی شوێنگە جوگرافیەکەیەوە کە بەریتانیا دوورگەیەکە لە دەرەوەی نەخشی ئەوروپای گەورە، هەروەها ڕەگەزی ئەنگلۆساکسۆنی بەریتانیا کە یەکێکە لە سێ هێزە جیهانیە گەورەکەی بلۆکی ئینگلیزی کە لە ئەمریکا-کەنەدا و ئوسترالیا و بەریتانیادا ڕێنگ دەداتەوە، ئەو پاپەوەنەرە بوو کە بەریتانیا خۆی لە یەکێتی ئەوروپای دیوچلاند و فلاندەرەکان و فەرەنگیەکان دوور بخاتەوە.
ئابووری ئەڵمانیا کە یەکەمینە لە چاو هاوئەوروپیەکانیدا بە تایبەت "ئابووری ئەڵمانیا گەورەترین ئابووری هەیە و پشتەوەترینە لە داهێنانەکان و ناردنەوە دەرەوەی کاڵاکاندا لە دنیای کەبەکەی

جیاهنگیریدا بە تایبەت لە بوارەکانی تەکنەلجی و پیشەسازی ماشین سازی و تەندروستی و میکانیکی و مادە کیمیاییەکاندا." (س٦) ئەمە لە کاتێکدایە گەر ژمارەی دانیشتوان و قەبارەی جوگرافی وڵاتەکان لە بدیتەوە ئەڵمانیا خاوەنی کەمترین دانیشتوان و بچوکترین نەخشە وڵاتە بە چاو وڵاتەکی وەک چینی یەک و نیو بلیۆن دانیشتوانی و ئەمریکای زیاتر لە ٣٣٠ ملیۆن ژمارەی دانیشتوان، لەگەڵ ئەوەی ئەڵمانیا هاوت بووە لە قەرەبوو دانەوەی زیانی دوو جەنگی جیهانی گەورە لە ماوەی یەک سەدەدا.
بەو ئامارانەی کە رێژەی بەهێزی هەر ئابوریەکی جیهانی پێ دەپێورە وەک لە سەرچاوەی "کتێبی راستیەکانی سی ئای ئەی" دا تۆمارکراوە و دواتر لە سایتی ماستەر نەیشندا بەروارکاریەی کراوە لە نیوان ئەڵمانیا و بەریتانیدا هاتووە کە داهاتی ساڵانەی وڵات، هاوردە و نەردراو، قەرز، کرێدیتی بانکی، ناوونابوبانگی کەمپانیای بزنسی و ماڵی ئەڵمانی لەم هەموو ئاستە بنەڕەتیانەدا باڵاترە لە بەریتانیا. (س٧)

ترس لە یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا:
مارگرێت تاچەری سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا، ١٩٧٩-١٩٩٠، کە بە ژنە ئاسنینەکەی بەریتانیا ناسراوە بەهەی ئەو رق و کینەیەی هەبوو دژ بە بلۆکی کەمۆنیزم لە جیهاندا و بەتایبەت یەکێتی سۆڤیەت و بگرە لە دیدارێکدا دڵە گرنگترین شت لە ژیماندا کە رووی دابێ هەڵوەشانەوەی بلۆکی کەمۆنیستی و روخانی یەکێتی سۆڤیەت بوو. روخانی دیواری بەرلین ساڵی ١٩٨٩ کە دواتر بووە هەی رووخانی ئەڵمانیای کەمۆنیستی و یەکگرتنەوەی یاخود چونە ناو باوەشی ئەڵمانیای رۆژئاوای سەرمایەداری رۆژئاوایی هەنگاوی بناغەیی هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت بوو، کەچی مارگرێت تاچەر دژی یەکگرتنەوەی هەردوو ئەڵمانیاکە بوو. تا ماوەیەکی زەر هەر ئاوها مایەوە بەڵام دواتر لە ژیر فشاری ئەمریکا و ئەوروپا دانی پیدا نا. ئەم هەڵوێستەی تاچەر دەیسەلمێنێ کە بەریتانیا چەندە ترسی هەیە لە ئەڵمانیایەکی یەکگرتوو.
دیارە لەو ساڵانەوە ئەڵمانیا بوو بە بەهێزترین وڵاتی ئەوروپا و جیهانیش لە هەموو رووەکانەوە جگە لە رووی سەربازیەوە کە ئەمش خودی خاڵی نەهێنی سەرکەوتنی ئەڵمانەکانە تاکو ئیستا. لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە ئەڵمانیا، بە سیاسی و رۆشنبیر و کەسانی ئاساییەوە، گەیشتن بەو بڕوایەی کە شەڕ جگە لە نەهامەتی هیچ شتێکی تری بە نەهێنان بەیە ئادیای شەڕ چ وەک جەمکێکی فکری و چ وەک مەراڵێک و هەڵوێستێکی سیاسی لە لۆجیکی عەقڵ و دەستوری ئەڵمانیا

دەرهێنرا و هەر وەک بڕیی نا بە شێوە هەتا هەتایە. لەگەڵ ئەوەی ئەڵمانیا بە یەکێک لە وڵاتە گەورەکانی پیشەسازی چەک و تەقەمەنی لە جیهاندا دادەنرێت بە ناردەی کاڵای سەربازی بەرام خەی خاوەن هێزی سوپایی گەورە و چەکی قورسی وەرانکاری شێوە نیە و لە دوای جەنگی جیهانی دووەمیشەوە لە هیچ شێوەکدا بەشداریان نەکردووە جگە وەک بەشێک لە هێزی ناتۆ کە ساڵی ٢٠٠١ کرایە سەر تاڵیبانی ئەفغانستان.

شێوەی روسیا-ئۆکرانیا و ئەڵمانیا:
ئەوندەی بەریتانیا بە دوای هەڵگیرسانی ئەم شێوەی روسیا-ئۆکرانیاوە بوو مەگەر ئەمریکا بەو رادەیە نەبوو. گەر بە ئەمریکا پاوازنخوازیە جیهانیەکەی بە ئەوا بە بەریتانیا هەم پاوانخوازیە جیهانیەکەی و هەم ئەورووپیەکەشی مەبەستی سەرەکی بوو. ئەوندەی بەریتانیا ژەر بە ژەر ئاگری ئەو پشکەی شێوەی خەش دەکرد ئەمریکا بەو رادەیە نەبوو چونکە ئەمریکا دەیزانی روو بە روو بوونەوەی روسیا واتە جەنگی جیهانی سێیەم، بە بەریتانیا ئەوەی گرنگ بوو تەوگلانی یەکێتی ئەوروپا بوو لەو بەرامبەرکێیدا. ئامانجی سەرەکی بەریتانیا لەم شەڕەدا ئەڵمانیایە و بەو هیوایەی ئەڵمانیا توشی سێیەی روسیا-ئۆکرەین ببێ و وەک سەدەی رابردووەدا بکەوێتە ژەر باری شێیکی قورسەوە بە تایبەت کە ئەڵمانیا لە هەر دوو ئاستی ئابووری و جوگرافی نزیکە لە روسیاوە و بچوکترین تەوگلان ئەڵمانیا توشی نزیفی ئابووری دەکات.

لەگەڵ هەموو ئەو فشارانەی لەسەری هەیە، ئەڵمانیا هەشتا نەچێتە پای تەواوی گەمارەی ئابووری کە لە لایەن یەکێتی و ئەوروپا و ئەمریکاوە سەپێنراوە بەسەر روسیادا. هەیەکە ئەو تایبەتمەندێتیەیە کە ئەڵمانیا لە تەواوی وڵاتانی تری ئەوروپا جیا دەکاتەوە. بە نموونە، هیچ وڵاتێک لە ئەوروپا و جیهان هەندەی ئەڵمانیا زەرووری نیە بە گاز و نەوتی روسی چونکە " ئەڵمانیا لە ٥٥٪ پێوستیەکانی گازی سروشتی و لە ٣٠٪ نەوتی خەی لە روسیاوە بە دیت. هەر بۆیە قورسە بەی راستەوخە بچێتە پاڵ گەمارە ئابوریەکانی سەر روسیا." (س٧)
دیارە ئەوە نابە لە یاد بکرێ "نەرد ستریم٢" کە بەی تێجوونەکەی زیاتر لە ١٠ بلیۆن دۆلاری ئەمریکی بووە زەرتەر هەر بە خاتری ئەڵمانیا بووە و روسیا بە هاوکاری لەگەڵ ئەڵمانیادا تەواویان کرد هەرچەندە هەشتا کاری پێ نەکراوە. لەوانەیە ئەڵمانیا لە کۆتاییدا مل بدات بە گەمارەکانی سەر روسیا بەڵام تاکو ئەم ساتەی کە من ئەم

بابەتە دەنوسم هەناردەیکردنی گاز و نەوتی روسیا بۆ ئەڵمانیا بەردەوامە و ئەڵمانیا هەوڵەها فڕەنساش تاکو ئیستاش کار بۆ سیستەمی سویفت کەدی بانکی، واتە سیستەمی حەوالەی پارە ناردن، دژکات لەگەڵ روسیادا.

ئەمریکا داوای لە قەتەر و جەزائیر کردووە بۆ تایبەت قەتەر کە بتوانن بەشی روسیا لە گاز و نەوت بۆ ئەوروپا هەناردە بکەن. بەڵام هەنگاوە یەکسەر مەحکوم بوو بۆ هەندە بڕبەست لەوانە سیاسی و ماڵی. روسیا ارستەوخۆی داوای لە قەتەر کرد کە نەجێتە پاڵ ئەو داوایە و قەتەریش دوڵنکە بە ڕەسمی رایگەیاندا لە میانەی دانیشتنکیدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی روسیادا کە قەتەر پابەستە بە بڕیارەکانی ئۆپیکەوە. ئەمە لە کاتکدا ڕۆژک پێش پەلامارەکانی روسیا بەسەر ئۆکرانیا پێتین نامەیکی شەخسی دەسنوسی نارد بۆ ئەمیری قەتەر. شایەنی یادهەنانەویە کە دە ساڵ پێش گرژیەک دروست بوو لە نێوان نوێنەری روسیا لە نەتەوە یەکگرتووەکان و حمد بن جاسم سەرۆک وەزیران و وەزیری دەرەوەی قەتەر سەبارەت بە کێشەی سوریا. حمد بن جاسم بە ڤایتاڵی تشرکینی نوێنەری ئەو دەمی روسیای گوت: "ڤیتە لە دژی بڕیارەکەمان بۆکارمەهێنە ئەگەرنا ئەوا پشتیوانی هەموو دەوڵەتانی عەڕەبی لە دەست دەدەیت." تشرکین زەر بە هەمنی بە حمد بن جاسمی گوت " جارکی تر ئاوها قسەبکەیت ئەوا لە بڕیانیەوە ولاتک نامێنێت بە ناوی قەتەر." (س۹)
خاڵکی تر ئەوەیە کە تەچوونی گواستنەوە و بڕبەستی ڕگەی گەیشتنی گازی قەتەر بۆ ئەوروپا نرخی گازی سروشتی چەندان قات بەرز دەکاتەوە کە لە وتانای کەینی هاوڵاتی ئاسایی ئەوروپیدا نامێنێ کە بتوانێ وەک جاران گاز و نەوت بۆ کار بهێنن هەر بۆیە ئەڵمانیا و تەنانەت فڕەنساش ئیستاش هەر دەستیان بە گاز و نەتوی روسیەوە گرتووە و لەوەش ناچێ بە ئاسانی دەسبەرداری ببن.

پەیوەندی ئابوری روسیا و ئەڵمانیا:
ئەو پەیوەندیە ئابوریە دووسەرەیەی ئەڵمانیا لەگەڵ روسیا هەیەتی زۆرتر وەک ئەوەی لەگەڵ بڕیتانیدا هەیبێ. بۆ نموونە، "گەر تەنها ساڵی رابردوو بۆ پیوەر بگرین بۆی هەناردەی ئابوری ئەڵمانیا بۆ روسیا گەیشتە نزیکەی پێنجا بلیۆن دۆلاری ئەمریکی واتە روسیا یەکیک لە یازدە وڵاتە گەورەکانی ئەڵمانیایە کە هەناردەی کاڵای بۆ دژکات و ئەڵمانیاش یەکک لە حەوت وڵاتە گەورەکانی دنیایە کە روسیا هەناردەی کاڵای بۆ دژکات. ئەم پەیوەندیەی ئەڵمانیا لەگەڵ بڕیتانیدا ڕەک نیوەی ئەم ڕۆژیەیە." (س۱۰)

ئەم پەیوەندیە و ئەو ئابوریە بەهێزی ئەمانیا هەیەتی بەریتانیای ئەجگار نیگەران کردووە هەر بۆیە بەریتانیا پێش ئەمانیا کەوتە ناردنی چەک و تەقەمەنی بۆ ئۆکرانیا پێش ئەوەی پۆلاماری روسیا دەست پێ بکات. تەنانەت کاتێک هەردوو وەزیرانی دەرەوەی روسیا و ئەمریکا لە دانیشتندا بوون لە سویسرا بۆ ئەوەی شەڕ دروست نەبێ بەریتانیا بە سەر سەری ئەواندا چەک و تەقەمەنی بۆ فڕۆکەی جەنگی گەورە ڕەوانەی ئۆکرانیا کرد. ئامانجەکەش بۆ بەریتانیا تەنها تەوەگلانی ئەمانیایە لە شەڕی ڕوسیا-ئۆکرانیادا؛ بەڵام، تاکو ئێستا ئەلمانیەکان عاقڵانە سیاسەت دەکەن دوور لەهەر دروشمێکی ناتەیی و پلانێکی ئینگلێساکسۆنی بەریتانیا.

ئیدریس مستەفا
١٥ی ٣ی ٢٠٢٢

سەرچاوەکان:

س١:
https://study.com/academy/lesson/german-war-reparations-in-wwi-wwii.html

س٢:
https://study.com/academy/lesson/german-war-reparations-in-wwi-wwii.html

س٣:
https://www.reuters.com/article/us-poland-germany-reparations-idUSKCN1S215R

س٤:
https://www.iwm.org.uk/history/how-britain-hoped-to-avoid-war-with-germany-in-the-1930s#:~:text=Instituted%20in%20the%20hope%20of,as%20a%20policy%20of%20weakness.

س٥:
https://www.theguardian.com/science/2007/aug/29/sciencenews.secondworldwar

س٦:
https://www.tatsachen-ueber-deutschland.de/en/germany-glance/strong-hub#:~:text=The%20German%20economy%20has%20its,over%20half%20of%20total%20sales.

س۷:
https://www.nationmaster.com/country-info/compare/Germany/United-Kingdom/Economy#2014
س۸:
https://edmontonsun.com/opinion/columnists/goldstein-germany-rejects-u-s-call-to-ban-russian-energy-exports/wcm/d8f11727-dc58-49d9-96b3-35e003434a15#:~:text=Germany%2C%20which%20relies%20on%20Russia%20for%2055%25%20of,for%20an%20international%20ban%20on%20Russian%20energy%20exports.
س۹:
https://alwafd.news/%D8%B9%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%80%D9%8A/159003-%D9%88%D8%B2%D9%8A%D8%B1-%D8%AE%D8%A7%D8%B1%D8%AC%D9%8A%D8%A9-%D8%B1%D9%88%D8%B3%D9%8A%D8%A7-%D9%8A%D9%87%D8%AF%D8%AF-%D8%A8%D9%85%D8%AD%D9%88-%D9%82%D8%B7%D8%B1-%D9%85%D9%86-%D8%A7%D9%84%D8%AE%D8%B1%D9%8A%D8%B7%D8%A9?fbclid=IwAR3JCR_m-v6xzo5G-QBt0a4j6tr6dAeInDubo08Li3mOEzL0cvgleaRTXcg
س۱۰:
https://www.bbc.com/news/business-28423733#:~:text=Economic%20ties%20On%20the%20latest%20figures%2C%20Russia%20is,goods%20and%20services%20%28about%20the%20same%20as%20Britain%29.

موشەکی وەڵامدانەوە.. عوسمان حاجی مارف

پاشکۆ بونی حزبە میلیشیاکانی کوردایەتی هەر لەسەرەتای جەنگی کەنداوەوە بە بەرژەوەندیکانی سیاسەتی دەوڵەتی ئەمریکا لە عێراق و لە ناوچەی هەژماتی ناوەڕاستدا، دواتر پاشکۆ بونی پارتی بە سیاسەت و بەرژەوەندی دەوڵەتی تورکیاو پاشکۆ بونی یەکێتی بە سیاسەتی بەرژەوەندی کەماری ئیسلامی ئێران، هەروەها ملکەچی و گوێڕایەڵی بەردەوامیان بە هەڕەمیلیشیاکانی دەسەڵاتداری بەغداد و گردانی چارەنوسی کوردستان بە حکومەتی ناوەندیەوە، ئەو واقعیەتەیە لە درێژدان بە نائەمنی و کارەسات و سەرگەردانی و ناجێگیری و گۆڕاوی سیاسی لە کوردستاندا، بۆیە تا هێز

میلیشیاکانی بزوتنەوەی کوردایەتی پارتی و یەکێتی دەستاتدار بن هەڕەشەی گەورەیە چاوەڕوانبین کەتایی بەو دۆخە نالەبارە بێت.
موشەکەکانی ئێران بە سەر شاری هەولێر تەنها کارەکی دەندانی کەماری ئیسلامی ئێران نیە کە پەیوستەو دەبێت سەرکەنەی بکەین، یان موشەکی وەک نین و دزێیان بە ناو شاری هەولێر کردبێت، لەبری ئیسرائیل بێر هەولێر کەوتبێت، بەڵکو لە ئاکام و کاریگەری ئەو نەخشەو سیاسەتانەویە کە پارتی و بنەماڵەی بارزانی تەواو خستەتە باوەشی دەوڵەتی تورکیاو لەنەو کەشمەکەشە جیهانیەکاندا گەمەیەکی مەترسیدار بە چارەنوسی خەیان و کوردستانەوە دەکەن، چونە باوەشی تورکیا و بونی بنکەی ئیسرائیل لە هەولێرو لایەنگری لە سیاسەتی ئەمریکا و ناتۆ لە شێوەی ئۆکرانیادا، جگە لەوەی دەبێت پەشوازی لە موشەکی ئێران بکەین، لە هەمان کاتدا ئەو مەترسیەیە کە لە هاوکێشەی سیاسی ناوچەکەدا ئۆگەری ئەوە هەیە کوردستان بکەنە قوربانی ململانێ و کێشەکان و دەورو دەخالەتی تورکیا و ئێران لە عێراق و ناوچەکەدا، بەم شیوەیە ئۆگەری ئەوە هەیە جارەکی تر دوای موشەکی ئێران موشەکی وەڵی ئیسرائیل و تورکیا سلەمانیش بگرێتەوە.
پارتی و بارزانی بەدوای ئەوەن و دەیانەوێت ئەو ئاوگۆڕەی شێوەی ئەوپەڕی نائینسانی و دەندانەی ڕوسیاو ئۆکرانیا کە دەورەیەکی تازەی لە ئاستی جیهاندا پێشهێناوە، مەزەندە بکەن بەوەی، پێیان وایە بەدوای هەر ئاوگۆڕێکدا تەنها لە جەمسەری ئەمریکاو ناتۆدا دەتوانن خەیان حەشاردەن و پەگەو نفوزیان بپارێزن، یاخود ئەشە لە ناچارییەکدا ئەو ئاستەیەی ئەمریکاو ناتۆ هەیدەبڕن، چونکە لەو کەین و بەینەی تورکیا و ئیسرائیل و ئەمریکادا بە جۆرێک پەوەی لکاون و گیریان کردووە، تازە ناتوانن بە زیندویی لێی بەنەدەرەوە، بەیە هەرهەرشەک، لە هەر لایانکەوە بکرێتە سەریان، تەنها ئەویان لەدەست دێت بڵێن "ترسنۆکانیە".
بەڵام ڕەوتی ڕوداوەکان لە نەو ناکۆکیەکانی ووڵاتانی زلهێزی دنیاو جەمسەرە ئیمپریالیەکاندا، چاوەڕوانی بە دوای ئاکامەکانی شێوەی ڕوسیاو ئۆکرانیاو دوبارە دابەشکردنەوەی جیهان، ئەو ئاوگۆڕانەیە کە پەیوستی دەورەیەکی تازە لە ڕەژهەتی ناوەڕاست و عێراق و کوردستانیشدا بەدوای خێیدا دەهێنێت، پارتی و بارزانی لەناو زەلکاوی واقعیەتکەدا بەردەوون کە ئۆگەری ئەوە هەیە نێک موشکەکانی ئێران هەراسانیان بکات و کارەسات بە دانیشتوانی کوردستان بخولقێنن، بەڵکو دوورنیە لە دوبارە بونەوەی نمونەی کارەساتی شەنگال زیاتر واقعیەتی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستانی پێ لە قاڵب بدرێت، هەر بەیە بەجیا لەسەرکەنەی موشەکەکانی کەماری ئیسلامی ئێران، پەیوستە دەستاتی سیاسی پارتی بە تایبەتی و

دەستپاتی بزوتنەوەی کوردایەتی بگشتی سەرکەنە بکرێن، کە بەردەوام بەجیا لەوەی هەکارەکی سەرکین لەسەر بنەمای ژیانی نائارام و ناسەقامگیرو نەخوازراو بە خەڵکی کوردستان، لە هەمان کاتدا هەکارەکن لە گواستنەوەی هەر بنەمایەکی تر کە لە ئاکامی دەورو دەخالەت و کەشمەکەش و شەڕی وولاتان دەنە ناو کەردستانەوە، تەنها ئەگا کەتایی هاتنی دەستپاتیانە بەر لەوەی هەر کارەساتەکی تر ڕوبدات.
١٤/٠٣/٢٠٢٢

یادەوەرییەکی جاویدان... شیعری شاعیری ئۆکرانی/ کاتەرینا بابکینا

شیعری شاعیری ئۆکرانی Kateryna Babkina
کاتەرینا بابکینا

وەرگێڕانی: بەکر ئەحمەد

پێشکەشکراوە بەو سەدان ئینسانانەی لە خرۆشانی "مەیدان"دا گیانیان لەدەستدا.

پێشکێیەکی کورت:
یەکەم جار، ئەم شیعرەم لە هەفتەی یەکەمی دەستپەکی شەڕی ڕوسیا لە ئۆکرانیادا لە بەشی کولتووری ڕادیۆی سویدەوە گوێ لێ بوو. زۆر سەرسامیکردم. خەیشاندانەکانی مەیدانی ئۆکرانیا سەرچاوەی ئەم شیعرەی کاتیرینایە. ناوەڕۆکە ئینسانیی و پرسە وجودییەکانی ناو قەسیدەکە لەوە گەورەترن بانگەوازی ئایدیۆلۆژی سەبارەت بەو بزووتنەوە سیاسییەی لە مەیدانی کیف دا گووزەرا، وامان لێبکات شیعرەکە نەخوێنینەوە.
ئەم شیعرە لە ڕۆژنامەی " یەتەبەری پێستن" لە ڕۆژی 11ی مارسی 2022 دا بلاوکراوەتەوە
وەرگێڕانی لە سویدییەوە بە کوردی: بەکر ئەحمەد

Evig hågkomst” – dikt av Kateryna Babkina | GP”

بۆ بەدکان ، هەروەها بۆ دڵڕەقەکان
بۆ ئەوانەی، ئەوە نین کە دەبوو ببن
بۆ ئەوانەی لە تۆ ناچن
نەکەی ئەوانەت لەبیرچێ کە لە کۆگەن، ئەوانەی وا لە دەریادان،
وان لە باخچێ
یاخود ئیستا لە سینەمان
ئەوانەی لە ڕێگا دەکەون، ئەوانەی خۆ فڕێ دەدەنە خەوارەوە و
ئەوانەی بۆ چیچکانەون،
ئەوانەی درێ دەپێچن، ئەوانەی یەکەم ڕۆژیانە لە دایەنگا،
ئەوانەی
کۆک دروستدەکەن
کەت و شەواریان کەیوە
پەنجەرەیەکیان شکاندووە،
وەفاداربوون بۆ پەیمانەکانی خۆیان،
ئەوانەی نازانن رووە لە کوێ بکەن یان بۆ کام ریگادا بگەڕێن
بۆ ناوی خۆیانەوە بانگیان بکەن!
تا ناوی کەسیانت لە بیر نەچێ
بانگی ئەوە بکە تەنیایە و
ئەوەی سەقفی ماڵمان بۆ چاکدەکا
ئەوەی هەموو ڕۆژێ ماشینەکەی بۆ هەڵە لە پارک ڕادەگرێ و
ئەوەی لەسەر لای ڕاست دەنووێ
ئەوانەی قاڵدرمەکان لە سەهۆڵ پاکدەکەنەوە و
ئەوانەیشی قەشمەریان بۆ ترسیان کرد و لە جەنگدا مردن

لەسەروی تەوە، مەمک دەسووتێ
لە ژوورەکەتدا بەدەنگییەوە و لە دەرەوەیش هەر هەمان شت
تۆ ئێستا ڕوون، بەکەش و سەربەهیج کەسەک نیت
تۆ لە مەشوولەیەک بچووکتری
لە شەونمیش زەر ناسکتر
سا بۆچێ رووبار!
بپشکوێ تۆ!

بۆ ئەوەی لەسەرتەوەیە، چاوبگەڕێ!
یادت نەچێ
نەکەی نەتوانی ناویان بەنی
دەربارەی ئەوانیش بدوێ
بۆ وانیش، هەمان شت بخوازە!

بەکر ئەحمەد

خۆشەویستیی ئالوودە/ گرفتاریی.. ئەحمەد رەزا

((الحب المرضي))
((obsessive love disorder/))شپرزەیی خۆشەویستیی بەدەستهێنان
((lamour maladif/)) نەخۆشی خۆشەویستیی.
ئالوودە بوون بە خۆشەویستیی لە لایەنگەوە، نەخۆشیەکی دەروونییەو پەیوەستیی بە چارەسەر هەیە.. هەنگاوی چارەسەرکەری بە کەسێکی ئاسایی و نەخۆشیەکەی نەبەت ئاسان بەت، بەڵام وەک عەرەب ئەڵێت بە کەسی نەخۆش " سهل الممتنع" ، واتە وەڵامی ئاسانیەکی هەگبە لەگیراویشە، بەوەی کەسی نەخۆش باوەڕ بە هیچ جۆرە چارەسەرێک ناهێنێ و ئەسڵەن بە نەخۆشیی نابینێ.
خۆشەویستیی لە بنەڕەتدا چۆژو هەور بوونەوەو دەخۆشیی و دابینبوونی سەزداریە، بەدەر لە هەموو هەستێکی نەگەتیف)) بەڵام هەرکاتێک بووە مایەی کۆشە خوقاندن و خەمکیی و شپرزەیی دەروونیی و لەکدانەوەی زەر، لە هەمان کاتیشدا کەسی گرفتار تاک لایەنە لە خۆشەویستیەکەی بەبەردەوامیی مایەوەو هەوڵی چارەسەرکردنیدا، مانای وایە ئالوودە بووە بەو خۆشەویستیە.
ئالوودەیی سەزداریی چیە؟
جۆرێکە لە ئیدمان بە خۆشەویستیی کەسێک و ئالوودەبوونە بە کەسی

بەرامبەرەوە، بە بێ هیچ سنورێک.. هەموو کردەوەیەک لەو خۆشویستنەدا بە ڕەگەپەدراو ئەبینێت تا ئەندازەی سووکایەتیی بەخۆ کردن و خۆ زەلیل کردنیش.. ئەبێتە مایەی سەرشۆڕ بە خۆی و کەسی خۆشویستراوی بەرامبەریشی، بە جۆرێک خۆی لە ژیانی ئاسایی ئەچێتە دەرەوە.. تا ئالوودە بوونەکە زیاتر بخایەنێت، نەخۆشییەکە زیاتر پەرە ئەسەنێت و چارەسەریشی پێویستیی بە کات و هەوڵی زیاترە، کە جیاوازییەکی ئەوتۆی نامێنێ لەگەڵ چارەسەری وازهێنان لە بەنگەکەشان، یان دەسەڵگرتن لە جگەرە کێشان.
نەخۆشی دەروونیی ئامانجەکانی لە ژیاندا ئەگۆڕێت، هەموو ئامانجێکی هەوڵو کەسی خۆشویست ئاراستە ئەکات، هەر کارو کردەوەیەک بکات کەسی خۆشویستراو ئامانجو بە ڕازیکردنی زیاتری ئەوە لە خۆی.. کەسی هاوشێوەی ئەو نابینێتەوە، بە مەزن و پاکژترینی ئەبینێت، هیچ تێبینییەکی نەگەتیفی دەربارەی ئەو لا دروست نابێت، لە هەموو هەوێکەوە بە کەسێکی موتەکامیل و پەی ئەبینێت، هەر کارو کردەوەیەک کەسی خۆشویستراو بیکات، نەخۆشەکە بە باشترین و جوانترین و نایابترین کارێک ئەیبینێتەوە.. خۆشویستنەکەی بە ئەندازەیەکە، کەسی خۆشویستراو تا ڕادەیەک بەزار ئەکات و نەخۆشەکەی لا بچووک ئەبێتەوە هەست بە نەخۆشکەوتنی ئەکات.
کەسی نەخۆش بەختەوەریی خۆی بە کەسی خۆشویستراوەوە ئەبەستێتەوە، بە دەرکەوتن و بینینی تووشی شڵەژان و دڵەڕاوکێ ئەبێت، وا تێ ئەگات سەرچاوەی هەموو بەختەوەرییەکان و دڵخۆشبوونی لەودا کەبووەتەوە.. هەر کاتەکیش خۆشویستراو بە ژیانی ئاسایی خۆیەوە سەرقاڵ بێت، نەخۆش بێتاقەت و بێهوودە ئەکات، بەردەوام چاودێریی ئەکات، بە کورتیی ئەیەوێت کۆنترۆڵی بکات و ببێت بە یەکێک لە شتەکانی خۆی، واتە غەریزەی بە موڵکداریی بوونی زیاتر تێشنە ئەکات و ئەو بە موڵکی خۆی ئەزانێت.
کەسی نەخۆش بەردەوام لە چاوەڕوانیدایە، تەنانەت ئەوکاتانەی پێکەوەن، لەبەرئەوەی ئەو بەیاردەری ژیان و بەختەوەرییەکانیەتی.. کەسی نەخۆش غەریزەی سەکسیی زۆر لاوازە لەگەڵ خۆشویستراودا، تەنها لە کاتی پێویستدا نابێت.. واتە هەوڵ چەکانی لە غەریزەی موڵکدارێتیدا خۆی ئەبینێتەوە، نەک لە سەکسدا.
کەسی نەخۆش بەردەوام ئازارو ئەندێشە/ معاناة ی هەیە، ئاسوودە نییە، هیچ هەکارەکی ئاشکرا لە خۆشویستنەکەیدا نابینرێتەوە، لە حاڵەتە سەرەتاییەکاندا نابێت، وەک سەرسامبوون/ اعجاب، یان تەنیایی، یان هەکاری مادیی.. خۆشویستراو بەردەوام بە تاوانبارەکی بە تاوان ئەزانێت.. ڕقی لە هەموو ئەو کەسانەیە ئەو ڕقی لێیەتی و هەموو ئەوانەی خۆش ئەوێ ئەو خۆشی ئەوێن، لە هەموو

کاتێکدا لە بیری ئەوداید و زەرتین بیرکەی بە دەست بە خۆ پێگەیاندنی، ژیانی ئاسایی خۆی فەرامۆش ئەکات و نیمچە گۆشەگیر ئەبێت.. هەرچیەک لە توانایدا بێت بۆ زیادەوە بۆ کەسی خۆشویستراوی ئەکات و بەردەوام بیری ئەچێتەوە شتێکی بۆ کردبێت، بۆیە بەردەوام هەوڵی ئەوە ئەدات شتێکی بۆ بکات.. نەخۆش گرفت و کێشەو زیانکانی زیاتر بۆ خۆیەتی، تەنها ئەو زیانە بۆ بەرامبەری ئاگەیەنێت کە وێسی ئەکات.
تەنها کردەیەک وا لە نەخۆش ئەکات چاو بۆ خۆیدا بخشێنێتەوە، ئەویش هەستکردنیەتی بەوەی خۆشویستراو گرنگی زۆر بە کەسێکیتر ئەدات،، هەوڵی تەواو ئەدات بە دوورخستنەوەی کەسەکە لەی، بۆ هەمنیی لە مەبەستی کەسەکەی ئاگادار ئەکاتەوە گەر خۆشویستراو گوێی پێ نەدا، چاو بۆخۆدا خشاندنەوەکە زیاتر ئەبێت.. لەوکاتەدا نەخۆش توشی شپرزە بوونێکی گەورەی دەروونیی ئەبێت، لە دیارترین بارەکدا ئەویەیە بۆ مەبەستی کشانەوە وازیفە ئەرگانیکیەکانیشی تووشی شپرزەیی و شڵژان ئەبن و ئاگەری زەری نەخۆشیەیە درێژخایەنەکانی تیا سەرهەڵئەدات، وەک شەکرەو فشاری خوێن و دڵ، لە هەندێک باردا کەنسەر.
بۆ ناسینی ئەم نەخۆشیەیە لە هەرکەسێکدا، پزیشکی تایبەت ئەم سێ پرسیارە لە نەخۆشەکە ئەکات:

- 1 ئایا پەیوەندیەکت لە ژیانی خۆت زیاتر لا مەبەستە؟
- 2 ئەو باجەی بۆ پەیوەندیەکە ئەیدەیت، زۆرەو کاری لە باری دەروونیت کردووە؟
- 3 تەنها خۆت ئەو هەموو هەوڵە ئەدەیت و تێئەکۆشیت بۆ ئەوەی ئەو ڕازیی بکەیت؟

چارەسەر:

- هەرکەسێک هەستی بە گرفتاربوونی کرد بەم نەخۆشیەیە، پێویستە سەرەتا میکانیزمێکی دەروونیی بگرێتە بەر، بۆ هەور کردنەوەی دەخێکی و دوواتر کشانەوە لە کەسی بەرامبەر، بەوجۆرەش کەسی خۆشویستراو وەک پێکەرێکی وەهمیی لە خەیاڵدا ئەمێنێتەوەو لە واقعدا ئەو جێدوایی نامێنێت.
- ڕاگرتنی هەموو جۆرە خۆشویستن و ڕق لێبوونەوەیەک لە کەسی بەرامبەر، بەوجۆرەش ئەبێتە کەسێکی ئاسایی و لە ڕق و ڕەشیی دەروونیی خۆی ئەپارێزێت.. ئەوەندە هەیە وەک یادگاریەک جێ بمێنێت.
- ناوبەناو هەوڵبدرێت بۆ نەبینینی کەسی بەرامبەر، تا ئاگاتە ئەوەی بۆ یەکجاریی نەبینرێت.

- وزەی دەروونیی و خۆ بەهێز کردن زۆر گرنگو مرۆڤی پێگەیبو لێ توانایدا هەیە ئەوە بکات.
- ئێگەر چارەسەر نەبوو، ئەوا سآدەترین و باوترین چارەسەر، خۆ گەیاندنە بە پزیشکی دەروونیی..

"ئەزموون" خۆشەاتی باشترین فیلمی نەودەوەتی فەستیڤاڵی "سانتا باربارا"ی بەدەستهێنا

مەنسوور جیهانی..

فیلمی سینەمایی "ئەزموون" لە دەرهێنانی سینەماکاری کورد "شۆکەت ئەمین کورکی" خۆشەاتی باشترین فیلمی نەودەوەتی لە سی و حەوتەمین خولی فەستیڤاڵی نەودەوەتی فیلمی "سانتا باربارا" لە وڵاتی ئەمریکا بەدەستهێنا.

فیلمی سینەمایی "ئەزموون" The Exam چوارەمین فیلمی بەندی سینەماکاری کورد "شۆکەت ئەمین کورکی"، لە بەرهەمهێنانی "مەمەد ئەکتاش"، بەرهەمی هاوبەشی هەرەمی کوردستان و وڵاتانی ئەڵمانیا و قەتەر؛ لە نوێترین بەشداریی نەودەوەتی خۆیدا لە دوو سانسی جیاوازدا لە بەشی "پشبەکی نەودەوەتی" سی و حەوتەمین خولی فەستیڤاڵی نەودەوەتی فیلمی "سانتا باربارا" Santa Barbara لە وڵاتی ئەمریکا نمایشکرا و لە لایەن بینەران و ڕخنەگرانی سینەمایی و هەروەها ئەندامانی لێژنەی دادوەرانەوە بە گەرمی پێشوازیی لێکرا و توانی خۆشەاتی باشترین فیلمی نەودەوەتی ئەم ڕووداوە کەن و گرینگەی سینەمای ئەمریکا بە ناونیشانی "جێفەی سی. باربا‌کەو" Jeffrey C. Barbakow بەدەستبەنێت.

ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی پشبەکی سی و حەوتەمین خولی فەستیڤاڵی نەودەوەتی فیلمی "سانتا باربارا" بریتی بوون لە: "کارڵەس ئاگیلار" Carlos Aguilar، "جەستین بەتیمەن" Justine Bateman، "دەپ بۆسۆ" Dupe Bosu، "جۆلی کارمەن" Julie Carmen،

"ئانلی ئەلینگسەن" Annlee Ellingson، "تیم گریرسەن" Tim Grierson، "بیندریا جولی" Beandrea July، "ئەلیزابەت لو" Elizabeth Lo، "ئەسکات مانتز" Scott Mantz، "خەزێ نۆڤا" Jose Novoa، "گیل ئابەرتسەن" Gil Robertson، "چارلز سەلەمەن" Charles Solomon، "ئانجی وانگ" Angie Wang، "ئەستیو زەن" Steve Zahn، "ئانتەنی زەربە" Anthony Zerbe و "ئانێت زەربە" Annette Zerbe.

سی و حەوتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "سانتا باربارا" SBIFF بە هاوکاری کۆمپانیای "یو.جی.جی" UGG®، بە بڵاوکراوەی ناوداری سینەمای دنیا و بە نمایشی 200 فیلم لە سینەماکارانی 54 وڵاتی جیهان لە بڕی جیاوجۆرەکانی پێشبڕکێی و دیرۆی پێشبڕکێی لەوانە: بڕی "پێشبڕکێی نێودەوڵەتی"، بڕی پێشبڕکێی "بەگژ فیلم"ی کورت و درێژ، بڕی پێشبڕکێی "ئەنیمەیشن"، بڕی پێشبڕکێی "سینەمای سەربەخۆ"، بڕی پێشبڕکێی "تێژهەڵاتی ناوەڕاست"، بڕی پێشبڕکێی "سینەمای نوێدیک"، بڕی "سێمینارێ سینەماییەکان"، بڕی پسپۆرانەی "ڤەرکشۆپی فەرکاری" و ... لە نێوانی 2 تا 12ی مارچی 2022 لە شاری سانتا باربارا لە ویلایەتی کالیفۆرنیا لە وڵاتی ئەمریکا بەڕێوەچوو.

"ئەزموون" بەرهەمی کۆمپانیای "میتەس فیلم"ی بەڵین و کۆمپانیای "مەستی فیلم"ی سلێمانی کە بە پاڵپشتی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەرهەمهاتووە و لە لایەن کۆمپانیای ئەمانی "ئارت هوود" ArtHood لە جیهاندا بڵاودەکرێتەوە.

لە فیلمی سینەمایی "ئەزموون"دا کۆمەڵێک ئەکتەری بە ئەزموونی هەرێمی کوردستان لەگەڵ چەندین ئەکتەری گەنجی کوردستان، تیایدا ڕێبیان بینیوە، لەوانە: ئاڤان جەمال، ڤانیا سالار، حوسێن حەسەن، شوان عەتووف، هوشیار زەنگە نەروەیی، نیگار ئاسمان، کاوە قادر، عادل عەبدولڕەحمان و ... .

فیلمی سینەمایی "ئەزموون" لە دوایین بڕیاری نێودەوڵەتی خۆی لە بڕی سەرکی بیست و حەوتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی "ڤیکتۆریا" Victoria لە وڵاتی کەنەدا نمایشکرا و لە لایەن هەگران، ڕخنەگران و نووسەرانی سینەماییەوە پێشوازیی لێکرا و توانی خەڵاتی باشترین فیلمی بڕی "پێشبڕکێی نێودەوڵەتی" ئەم جاوداوە گرینگە سینەماییە بدەستبەنێت.

بۆ زانیاری زیاتر:

/https://sbiff.org

https://www.facebook.com/SBIFF

/https://fb.watch/bLlBss6Xix

لاپەڕەی فەرمی فیلمی سینەمایی "ئەزموون" لە ئینستاگرام:
https://instagram.com/the_exam_movie?utm_medium=copy_link

لاپەڕەی فەرمی فیلمی سینەمایی "ئەزموون" لە فەیسبووک:
https://www.facebook.com/The-Exam-%D8%A6%DB%95%D8%B2%D9%85%D9%88%D9%86-106319785023346/

سرودی ئاوەدانی.. عەلی حەمەشید

ئەمڕۆی منداڵ دڵخۆشین
وا بەهار و سەیرانە
ئەوەی تینمان دەداتە
هەڵبجە ئاوەدانە
...
وەرن هەموو پێکەوە
بە ئاواز و گۆرانی
دەستی یەکتری بگرین
بەخۆشیی و شادومانی
...
بەیانی ئەمڕۆی بچکۆلە
پڕشین بە ئەو کارە
بە باشتر بنیاتنانی
ژیانەوەی ئەم شارە
...
بەخوێندن و زانیاری
هەنگاو دەنێین بە گشتی

هەتا شـــــاری هەبجە
نمـــــــــونەبەت بە ئاشتی
...
ناوی وەکـــــــو ئەستێرە
گـــەش بە و بدرەوشـتەوە
سرودی سەرکەوتن بە و
هەموو کـــەس بیـەتەوەی
...
بویت بەپایتەختی ئاشتی
دەخـشـــــــم ئاوەدانی
بەند و پە شکـــــــە بی
تە ناسنامـــەی کوردانی
...
١٤/٣/٢٠٢٢

چەند و چونی پەش مردن.. نەوزاد بەندی

ئەو شتانە بکەن ،
کە بە فرەشتن نین ..
هەمیشە ئەو شتانەی بە فرەشتنن ،
عەیبدارن ..قەت بە هیچەوە سەرقاڵ مەبن ..
سەد ساڵ لەگەڵ هیچ سەرقاڵ بن،
ناگەن بە شت ..

کە دوور کەوتیتەوە ،
هەستم کرد ،
باشترین دەرمان بە هەردووکمان ،
دووریـە ..

شەمسی تەبریزی ئەڵێ :
لە ئەسپەکەت مەیەرە خوارەوە ،

لە هەر شوێنێ دابەزیت ،
کەلەپچەت ئەکا بە خۆی ..
دنیا گۆڕانێ ..گۆڕان ..
بە بە وەستان ..

چاوەڕێی کەستان ناکەم و ..
بە تەنیا ئەڕۆم ..
چونکە بڕیشن لەگەڵما ،
لە نیوەی ڕێ ئەگەڕێنەوە ..

بە ئاوەی خەم نەتانخوا ،
خەم مەخۆن

کە تۆ دیار نیت ،
ئاپەڕەی خەڵکم لە ئەبێ
بە بیابان ..
لە دەرگاکان عاجز ئەبم ،
کە بەبێ تۆ ، ئەکرێنەوە ..
خەرهاتنی شەماڵ ناکەم ،
کەبێ تۆ دەتێ بەرهەیوان ..

کە تۆ دیار نیت ،
هەوڵ ئەدەم بە شتەکەوە ،
خەم سەرقاڵ کەم ..
هیچ شتێ سەرقاڵم ناکا ..
نازانم تۆ
بە من ئازادییت یان زیندان !